KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT - Iraq
Council Of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research
University of Sulaimani / Presidency
Office of Vice President for Scientific Affairs
and Postgraduate Studies

حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
فەرمانگەی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ
بۆ کاروباری زانست و خوێندنی باڵا

بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری و پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن

No:
Date:

ژمارە : ٣٢٥
ڕێکەوت : ٢٣ / ٥ / ٢٠٢٣ زایینی
/ / ٢٧٢٣ کوردی

بۆ/ سەرجەم کۆلێجەکانی زانکۆی سلێمانی
ناوەندی کوردستان بۆ دۆکیومێنت و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی
سەنتەری زمان و کلتوری زانکۆی سلێمانی
بابەت/ پێکهێنانی لیژنەی هەڵسەنگاندنی هەگبەی مامۆستا

سڵاوی زانست ...

ئێمە وەك بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری و پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن لە زانکۆی سلێمانی، میکانیزمێکمان بۆ پێکهێنانی لیژنەی هەڵسەنگاندنی هەگبەی مامۆستایان دیاری کردووە بۆ ساڵی خوێندنی ( ٢٠٢٢ ـ ٢٠٢٣ ) وەك لە هاوپێچ دا ئاماژەی پێدراوە لەگەڵ هەندێك ڕوونکردنەوە دەربارەی پرۆسەی دڵنیایی جۆری.

لەگەڵ ڕێزدا ...

**هاوپێچ:**
- میکانیزمەکانی هەڵسەنگاندن.

پ.ی.د. ئاڤا عمر فتاح
بەڕێوەبەر

**وێنەیەك بۆ:**
- دۆسییەی دەرکردە.

## میکانیزمی لیژنەی هەڵسەنگاندنی هەگبەی مامۆستایان

* لیژنەکە لە (٣) سێ ئەندام پێکبهێنرێت بۆ ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی هەگبەی مامۆستایان.

* **هەگبە بۆ مامۆستایان** : لیژنەکە بەلایەنی کەمەوە لە (ڕاگر یان یاریدەدەری ڕاگر، سەرۆك بەش یان بڕیاردەر، لێپرسراوی دڵنیایی جۆری کۆلێژەکە) پێکبهێنرێت.

تێبینی :- هەندێك (بەش/لق) لە کۆلێژەکاندا مامۆستایان کەمە، دەتوانرێت لەسەر ئاستی کۆلێژەکە هەگبەی مامۆستا بکەن.

* **هەگبە بۆ سەرۆك بەش** : لیژنەکە لە (ڕاگر، یاریدەدەری ڕاگری کۆلێژ، لێپرسراوی دڵنیایی جۆری کۆلێژ) پێکبهێنرێت.

* **هەگبە بۆ یاریدەدەری ڕاگری کۆلێژ** : لیژنەکە لە (ڕاگری کۆلێژ، لێپرساوی دڵنیایی جۆری کۆلێژ، بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری زانکۆ) پێکبهێنرێت.

* **هەگبە بۆ ڕاگری کۆلێژ** : لیژنەکە لە (سەرۆکی زانکۆ، یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانست و خوێندنی باڵا، بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری زانکۆ) پێکبهێنرێت.

* **هەگبە بۆ سەرۆکی لیژنەی دڵنیایی جۆری کۆلێژ** : لیژنەکە لە (ڕاگری کۆلێژ، یاریدەدەری ڕاگری کۆلێژ یان(کەسێکی پسپۆڕ)، بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری زانکۆ) پێکبهێنرێت.

## { ڕوونکردنەوە دەربارەی پرۆسەی دڵنیایی جۆری }

بە پێویستی دەزانین هەندێك ڕوونکردنەوە بدەین دەربارەی پرۆسەی دڵنیایی جۆری بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢ . ٢٠٢٣) کە ئەوانیش :-

١. پێویستە لە کاتی هەڵسەنگاندنی هەگبەدا ڕەچاوی ماندوبوونی ئەو مامۆستایانە بکرێت کە ماندوو نەناسانە وانەکانیان لە کلاسە ئەلیکترۆنییەکان داناوە هاوتا لەگەڵ پێشکەش کردنی وانەکانیان لەناو پۆلدا.

٢. دەبێت پرۆسەی هەڵسەنگاندنی هەگبەی مامۆستایان پرۆسەیەکی شەفاف بێت، وە نابێت دانانی خاڵەکان لە سەر بنەمای پەیوەندی (شەخصی) دابنرێت، هەر ئەندامێکی لیژنەکە بە جیا خاڵ بۆ هەڵسەنگاندنی هەگبەکە دابنێت، بەبێ ئەوەی کەس کاریگەری هەبێت لەسەر ئەوی تر.

٣. ئەگەر کێشەیەك هەبێت لە نێوان (سەرۆك بەش و مامۆستاکە) پێویستە ئەو سەرۆك بەشە بەشدار نەبێت لە هەڵسەنگاندنی مامۆستاکە، لە جیاتی سەرۆك بەش، با (ڕاگر یان بڕیاردەر) لە لیژنەکەدا بەشدار بێت.

٤. ئەگەر یەکێك لەئەندامانی لیژنەکە لە یەك کاتدا دوو پۆستی هەبوو، پێویستە یاریدەدەری ڕاگر لەسەر ئاستی (کولێژ) وە بڕیاردەری بەش لەسەر ئاستی (بەش) بۆ ئەو مەبەستە دیاری بکرێت.

٥. بەشێك لە پرسیارەکانی فۆرمی هەڵسەنگاندنی هەگبەی مامۆستا پەیوەندی هەیە بە (ڕاگر، سەرۆك بەش یان بڕیاردەر) کە دەتوانێت ڕوونکردنەوە بدات بە لیژنەکە بۆ هاوکاری کردنیان لە کاتی هەڵسەنگاندنی هەگبەکان دا، ئەمەش بۆ ئەوەی بتوانرێت دادپەروەرییەکی زیاتر لە پرۆسەکەدا بهێنرێتە دی.

٦. لە هەڵسەنگاندنی هەگبەی مامۆستایان دا دەتوانرێت ئەم ئاستانەی تێدا بەدی بکرێت (ئاستی فێرکردن، ئاستی ئەکادیمی، ئاستی کارگێڕی) .

٧. لە ڕووی کارگێڕییەوە مامۆستا بە پێی بەشدار بوونی لە چالاکیەکانیدا خاڵی بۆ هەژمار دەکرێت بۆ نموونە (ئەگەر لە سەرووی (پێنج) لیژنەوە بەشداربێت (٥ خاڵ) ی بۆ هەژمار دەکرێت) وە ئەگەر لە (سێ بۆ چوار) لیژنەدا بەشداربێت (٤ خاڵ) ی بۆ هەژمار دەکرێت، وە ئەگەر لە (یەك بۆ دوو) لیژنەدا هەبوو ئەوا (٣ خاڵ) ی بۆ هەژمار دەکرێت، بە مەرجێك لە لیژنەکاندا چالاك بوو بێت.

٨. لە بارەی توێژینەوەوە ئەگەر لە سەرووی (دوو) توێژینەوەی هەبوو ئەوا (٥ خاڵ) ی بۆ هەژمار دەکرێت، وە ئەگەر (یەك) توێژینەوەی هەبوو (٤ خاڵ) ی بۆ هەژمار دەکرێت بەمەرجێك توێژینەوەکان لە ساڵی ئەکادیمی ( ٢٠٢٢ – ٢٠٢٣ ) دا بێت، ئەگەر لە ساڵانی پێشوو توێژینەوەی هەبوو و مامۆستایەکی کارابوو لەڕووی توێژینەوەوە (٣ خاڵ) ی بۆ دابنرێت، وە ئەگەر هاتوو توێژینەوەی نێودەوڵەتی هەبوو ئەوا لە توێژینەوەی ناوخۆش پێویستە خاڵی تەواو وەربگرێت.

٩. بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری مافی بەدواداچوون و پێداچوونەوەی چۆنیەتی هەڵسەنگاندنی (هەگبەی مامۆستایان و زانستخوازی بەردەوام) ی هەیە لە هەر کاتێك کە پێویست بکات.